No:

Date: / /٢٠١٦

ژمارە: ١٠٣٦٧/٢

ڕێکەوت: ٢٩ / ٦ / ٢٠١٦ زاینی

١١ / ٤ / ٢٧١٦ی کوردی

# ڕێنماییەکانی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنماییەکانی گواستنەوەو دابەزین قوتابی/خوێندکاران لە نێوان زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦ – ٢٠١٧

**یەکەم :**

١ -ڕێنماییەکانی گواستنەوەو دابەزین کە بە هەردوو نووسراومان ژمارە (٥/ ٩٤٨٤) لە ٢٠١٤/٥/١٩ و وە ژمارە (٥/ ١٨٨٨٢) لە ٢٠١٤/٩/٢٩ دەبێت .

٢ -گواستنەوەی خوێندن قوتابی/خوێندکار بەدەر لە ڕێنماییەکان بە سیستمی پاڕالێل و بەپێی نوسراومان ژمارە (٥/٧٥٧٤) لە ٢٠١٦/٥/١٦ دەبێت .

**دووەم :**

بۆ ئاسانکاری و کەمکردنەوەی ڕۆتینی میکانیزمی گواستنەوەو دابەزین بەپێی فۆڕمی ژمارە (٢) (فۆڕمی گواستنەوە) و ژمارە (٣) (فۆڕمی دابەزین بۆ قوتابی / خوێندکاری پێشتری وەرگیراو) و، ژمارە (٤) (فۆڕمی دابەزین بۆ قوتابی/ خوێندکاری تازە وەرگیراوە) (واتا ساڵی خوێندنی ٢٠١٦ – ٢٠١٧ وەردەگیرێت) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١. گواستنەوەو دابەزین تەنها لە ڕێگەی فۆڕمی ژمارە (٢) و(٣) و (٤) دەبێت (واتا پێویست بە نووسراو) ناکات.

٢. ئەو قوتابی / خوێندکارە کە داوای گواستنەوەو دابەزین دەکات فۆڕم وەردەگرێت لە تۆماری ئەو کۆلێژە یان پەیمانگەیەی کە تێیدا دەخوێنێت و لەسەر هەمان فۆڕم ڕەزامەندی بەش و کۆلێژ / پەیمانگە دەنووسرێت و دواتر ڕەزامەندی تۆماری گشتی زانکۆ وەردەگیرێت و دواتر قوتابی فۆڕمەکە دەبات بۆ ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوە یان دابەزینی بۆ دەکات و بە هەمان شێوە ڕەزامەندی بەش و کۆلێژ و تۆماری گشتی زانکۆ / پەیمانگە وەردەگرێت لەسەر هەمان فۆڕم دواتر قوتابی فۆڕمەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی گواستنەوە یان دابەزینی لێوە دەکات.

٣. دواتر فەرمانی زانکۆیی گواستنەوەو دابەزین دەردەچێت لەو زانکۆیەی کە قوتابی / خوێندکار گواستنەوە یان دابەزینی لێوە دەکات و پێویستە وێنەیەك لە فۆڕمەکەو گشت بەراییەکان هاوپێچی ئەو وێنەیە بکرێت بۆ ئەو زانکۆیەی کە بۆی دەڕوات و دواتر ئەو زانکۆیەی کە بۆی دەڕوات فەرمانی زانکۆیی گواستنەوە یان دابەزین دەرئەکات و وێنەیەك لە فەرمانی زانکۆیی دەدرێتە ناوەندی وەرگرتن .

ژمارە: ١٠٣٦٧/٢
ڕێکەوت: ٢٩ / ٦ / ٢٠١٦ زاینی
١١ / ٤ / ٢٧١٦ی کوردی

No:
Date: / /٢٠١٦

٤. سەبارەت بە گواستنەوە پێویستە لەگەڵ فۆرمەکە گشت دۆکۆمێنتەکان هاوپێچ بکرێت وەك ناوی وانەکان و یەکەکان کە قوتابی خوێندویەتی لەو زانکۆیەی کە تێیدا داوای گواستنەوە دەکات و ئەو دۆکۆمێنتانە کە پەیوەستن بە مەرجی گواستنەوە.
٥. سەبارەت بە گواستنەوە لە خوێندنی نزمتر بۆ خوێندنی بەرزتر (بەپێی بڕگەی یەکەم لە ڕێنماییەکانی گواستنەوەو دابەزین) / بەپێی فۆرمی ژمارە (١) . وە گواستنەوە لە زانکۆکانی هەرێم بۆ زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم بەپێی فۆرمی ژمارە (٥) بەهەمان شێوەی جاران دەبێت.

**سێیەم :**

١. ماوەی گواستنەوە لە ڕێکەوتی (٧/١ / ٢٠١٦ تاوەکو ١٥ / ٩ / ٢٠١٦) دەبێت .
٢. ماوەی دابەزین بۆ قوتابی/ خوێندکار کە پێشتر وەرگیراون لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٧/١ تاوەکو ٢٠١٦/١٠/٦) دەبێت،
٣. ٣-ماوەی دابەزین بۆ قوتابی/ خوێندکاری تازە وەرگیراو ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ – ٢٠١٧) لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی بە وەرگرتن وە بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ دەبێت.

هاوپێچ : فۆرمی ژمارە (٢) و (٣) و (٤).

**د. یوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەک بۆ:-**

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / نووسنگەی وەزیر / لەگەل ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی کارگێری ودارایی / لەگەل ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆکاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون / لەگەل بەراییەکان.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / ناوەندی وەرگرتن.
- دەرکردە.